خانەنشینان بۆ وەرگرتنی مووچە سرەیان گرتووە

لە کوردستان تا چەند نازی خانەنشینان راگیراوە؟!

خانەنشینێک:

پێویستە حکومەتی هەرێم سەنتەرێکی تایبەت بە ئێمە دروست بکات کە هەموو پێویستییەکانمان دابین بکات

هەموو کەسێکی فەرمانبەر و مووچەخۆری حکومەت دوای بەسەر بردنی پلەی وەزیفی رۆژێک دێت خانەنشین دەبێت بۆ ئەوەی لەدوا وێستگەی ژیانییدا بحەسێتەوە و لەلایەن حکومەتی هەرێمەوەش ئەوپەڕی رێزی لێبگیرێت و مووچەیەکی بۆ دابین بکرێت کە بتوانێ پێداویستییەکانی پێ دابین بکات، چونکە هەروەک لای هەموومان روون و ئاشکرایە کە خانەنشینان توێژێکی بەشی مەینەتن لە کۆمەڵگای ئێمەدا و ئەو مووچەیەی کەمانگانە بۆیان خەرج دەکرێت بەشی هیچیان ناکات،بۆیە هەمیشە گلەیی و گازاندەیەکی زۆریان هەیە و داواکارن حکومەتی هەرێم ئاورێکی دڵسۆزانەیان لێ بداتەوە و لەو ژیانی کۆڵەمەرگییە رزگاریان بکات، لە کاتێکدا زۆربەی زۆریان بەدەست نەخۆشی درێژخایەن دەناڵێنن،ئێمە بۆ بەرچاوخستنی ئێش و ئازار و موعاناتی ئەو توێژە بەرچاوە بە چاکمانزانی باری سەرنجی هەندێکیان وەکو خۆی تۆماربکەین و بزانین چیان لە دڵ دایە و لە بەراییدا (عومەر ئیسماعیل) مامۆستای خانەنشین گوتی:

راپۆرت: شێروان مەنتک
وێنە: فازڵ فەرامۆش

ئێمە پێویستیمان بە سیستەمێکی ریکوپێک هەیە بۆ دابەشکردنی مووچەی مانگانە ، چونکە لە بەیانی لەبەر ئەو گەرما و سەرمایە سڕە دەگرین تا مووچەکە وەردەگرین،بۆیە دەمانەوێ دابەشکردنی مووچەلەمەودوا بەگوێرەی ژمارەی ناسنامەی خانەنشینی بێت بۆ ئەوەی تووشی ئەو جەنجاڵی و قەرەباڵغیە نەبین،ئەگەر ئەمەش ناکەن دەتوانین خانەنیشان بەپێی پیتەکانی ئەبجەدی بەرێ بکەن ئەوەشیان جۆرە ئاسانکارییەکی دیکەیە بۆ ئێمە.

* مامۆستایەکی دیکەی خانەنشین بەناوی (غازی فەقێ موراد) کە ماوەی دووساڵە خانەنشین کراوە گوتی: من ماوەی (٤١) ساڵ خزمەتی مامۆستایەتیم هەیە کەچی مووچەکەم زۆر کەمترە لەو مامۆستایانەی کە ئێستا خانەنشین دەبن ، بۆیە دەخوازین چاوێک لەو مەسەلەیە بخشێننەوە،چونکە ئەوەیان گرفتی زۆربەی زۆری ئەم توێژەیە ، بەڕاستی رەوای هەق نییە،چونکە لەوڵاتە پێشکەوتووەکان بایەخ و گرنگییەکی زۆر بە خانەنیشان دەدرێت و هەموو پێداویستییەکیان لەلایەن حکومەتەوە بۆ دابین دەکرێت،بەپێی ئەوەی هەموو تەمەن و ژیانی خۆیان بۆ میللەتەکەیان تەرخانکردووە .

* پۆلیسی خانەنشین (سوبحان عەلی سەعید) کە ماوەی (١٨) ساڵە خانەنیش بووە گوتی: مووچەکەی من هەر هیچ نییە و بەشی هەفتەیەکی ژیانی خێزانیم ناکات ، بۆیە دەبێ بەو تەمەنە پیرییەوە کارێکی دیکەی لەگەڵدا بکەم ، ئەگینا بۆم دەریناهێنێ، لەهەمووشی ناخۆشتر هەر جارەی کە دەچم بۆ وەرگرتنی مووچەکەم قەرەباڵغییەکی زۆر لەبەردەم بانقەکان هەیە و ئێمە پەککەوتەو ماندوو، زۆر هیلاک و ماندوو دەبین تامووچەکەمان وەردەگرین،بۆیە وا چاکە هەر رۆژەی مووچەی خانەنشینی وەزارەتێک بدرێت ، هەروەها ژمێریارەکان بڕی پارەکە لەناو زەرفێک دابنێن،چونکە ئەوەش یارمەتی ئەوەمان دەدات کە کارەکە خێرا بەڕێوە بچێت،ئەگەر ئەمانەشیان بۆ ناکرێ با پارەکەمان لە شێوەی چەک بۆ دابنێن تا ئێمە بە کەیفی خۆمان لە یەکێک لە بانقەکان سەرفی بکەین بەمەش ئاسانکارییەکی زۆر بۆ ئێمە دەبێت و بانقەکانیش دەحەسێنەوە.

* خانەنشینێکی دیکە بەناوی (تەحسین قادر ناسڕ) کە ئەمساڵ خانەنیش کراوە گوتی: ئەگەر رێژەی ئەو

أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٥٤ / ١٧/١١/٠٨ / 11:52 PM

(٨٠٪) مـووچەی ئێـمـە بکرێتـە (١٠٠٪) باشترە،چونکە توێژی ئێمە پێویستی بەزۆرشت هەیە کە گرنگترینیان دەرمان و نەخۆشییە،خۆشتان باش دەزانن ئەمـرۆ چارەسـەر و نەخـۆشی چ پارەیەکی ئەسـتووری پێویسـتە،سەرباری هەمـوو ئەمـانەش پارەکە بەهیچ ناچێت و پێداویسـتییـەکانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ،بەتایبەتی ئێمە یەکجار زۆرە، مرۆڤ دەرەقەتی نایەت،چونکە هەموو شتێک بەرەو گرانی دەڕوات.

* (ئەحـمـەد ئیـسـمـاعـیل حـەمـەدەمین) کـە خانەنشینێکی دیکەی کۆمپانیای بەڵێندەری بووە و لە سـاڵی (١٩٨٧) وە خـانەنیش بووە،ئەمـیش گلەیی زۆری لەقەرەباڵغی بانقەکان هەیە،بەتایبەتی لەو کـاتەی مـووچەی وان دابەش دەکـرێت،هەربۆیە گوتی: خۆتان دەزانن ئێـمـەی بەساڵاچوو زۆربەمـان نەخۆشین و هیچ کاتێک بەرگەی ئەوە ناگرین چەند کاتژمێرێک بە پێوە بووەستین، بۆیە من پێشنیار دەکەم سەنتەرێکی تایبەت بە خانەنشینان بکرێتەوە کـە هەمـوو لایەنێکی ژیان و گـوزەرانیـان لە خـۆ بگرێت،هەر لەپێدانی مووچە و چارەسەری نەخۆشی و بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانی رۆژانەیان تد...

هەر سەبارەت بەو مەسەلەیە ژمارەیەک مامۆستای دیکەی خانەنیش بەناوەکانی (قەرەنی خدر و خالید مـەعجوم و محـەمـەد ئەحـمـەد) کە هەریەکەیان لە مـێژوویەکدا خانەنیش کراوان،بەڵام هەر هەمـوویان گلەیی لە قەرەباڵغی بانقەکان و کەمی مووچەکەیان دەکـرد،چونکە جـیـاوازییـەکی زۆری پێـوە دیارە و خۆشیان نازانن لەسەر چ پێوەرێک ئەو مووچەیان بۆ دانراوە،ئەوەتا مامۆسـتا (قەرەنی خدر) دەڵێ من دوو سـاڵ لەمـەوبەر خـانەنیش کـرام و مـووچەکـەم ئێستا (٥٠٠)هەزار دینارە،خۆ ئەگەر بەردەوام بام و خانەنیش نەکرابام ئەوا نزیکەی دوو ملیـۆن دینارم وەردەگـرت،بەتایبـەتی لەو مـاوەیەدا مـووچەکـەم زیادەی نەهاتەسـەر، بۆیە داواکـارین حکومـەت چاوێک بە مـووچەی خـانەنیـشـە کـۆنەکـان بخشێنێتەوە،هەروەها داواکارین نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە ئێمە هەبێت بەنرخێکی رەمزی، چونکە ئێـمـە بەهۆی گـەورەیی تەمـەمان زیاتر تووشی دەردونەخۆشی دەبین .

بەڕێوەبەری گشتی خانەنیشان قۆناغەکانی مووچەی خانیشان تاوتۆ دەکات

بەمـەبەسـتی چنگکەوتنی زانیـاری راسـتـودروست لەمـەڕ رەوشی خـانەنیـشـان بەڕێز (رابەر سـدیق محـەمـەد) بەڕێوەبەری گشتی خانەنیشان لەبارەی سیسـتـەمی مووچەی خانەنیشان گوتی: پێشـتـر مووچەی خانەنیشانی کوردسـتـان بەپێی یاسای ژمـارە (٣٣)ی سـاڵی (١٩٦٦)ی هەمـوارکـراو دابینەدکـرا، ئەو کـاتەش ئەو مـووچەیە لەسـەر بنچینەی ساڵەکانی خزمەت و مووچەی بنەڕەتی ئەژمـارکـراو، پارەکـە سـویسـری بوو، دوای ئەو گۆڕانکارییانەو نەمانی رژێمی پێشـوو، ئێـمـە لە ساڵی (٢٠٠٣) خشتەیەکمان لە بەغداوە بۆ هات، کـە کـردیان بەگـروپ گـروپ، ئەوەی خزمـەتی لە ٢٥ساڵ بەسـەرەوەیە، بەپێی گـروپەکـان (٧٥٠) هەزار دینار بۆ پلەی تایبـەت، ئەوەی (٢٥) سـاڵ بەسەروەی هەیەو پلەی ئاساییە (٤٤٤)هەزار دینار وەردەگـرێت، ئەوەی مـووچەی بنەڕەتی بە سـویسـری (٩٥٠٠و٢٩٨)دیـنـارە (٣٩٣)هـەزار دیـنـاری وەردەگـرێ، گـروپی سـێـیـەمـیش (٣٤٥)هەزارە، ئەوانە دەگـرێتـەوە کـە مـووچەی بنەڕەتیـان (٢٥٤)دیـنـار تـا (٢٩٨)دیـنـاری سویسرییەو...تد...

بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین

ئەمـە بەردەوام بووتا ٢٠٠٥/١٢/٣١ دواتر لە سـاڵی ٢٠٠٦ یاسـایەک لە پەرلەمـانی عـێـراقی گفتوگۆ کرا کە یاسای ژمارە (٢٧) ساڵی (٢٠٠٦) یان پێدەگوت ئەو یاسایە کە پەسەندکرا، ئێمە لە حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان ویسـتـمـان جێبەجێبکەین، بەڵام دوایی ماوەیەکی کەم دەنگۆی ئەوە لە پەرلەمانی عێراق هات بە چاککردنی یاساکە ئێـمـەش وەک حکومـەتی هەرێمی کوردسـتـان کـە بەڕێوەبەرایەتی گـشـتـی خـانەنشین تایبـەت بەدابینکردنی مـووچەی خـانەنشین لە هەرێمی کـوردسـتـان فـەرمـانبـەرمـان هەبوو لە وەزارەتەکـان ئەوەی تەمـەنی (٦٣) سـاڵ بوو دەبێت خـانەنشین بکرێت هەشبوو بەڕەزامەندی خۆی خانەنشین دەبوو کە (٢٥ تا ٣٠) ساڵ خزمەتی هەبوو، لەو حاڵەتە خەڵک راوەستا لە خانەنشین کردن، چونکە گوتیان بەپێی یاسایی (٢٧) ساڵی (٢٠٠٦) چاکردن هەیە لە مووچەی خانەنیشان تەعدیلات کرا وەک واقعی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیارێک گوتی: ئەوەی ئارەزووی هەیە خانەنشین بێت یان ئەوەی تەمـەنی یاسـایی تەواوکـردووە لە وەزارەتەکـان و لە فـەرمانگەکان ئێـمـە خانەنشـینی دەکـەین بە ٨٠٪ مـوچەکـەی تاکـو یاسـایەکی یەکگرتوو دەردەچێت ئەو بڕیارە ئاراسـتـە کـرا بۆ هەمـوو وەزارەتەکان و وەزارەتی دارایی کە ئاراستە بە ئیشەکەو رێنمایی پێدەکرد ئەویش بەگشتاندنی لە رۆژی ٢٢ی سـاڵی ٢٠٠٦ گـوتی: ئەو فـەرمـانبـەرەی ٢٠٠٦/١/١ خـانەنشین دەبێت مـوچەی ٨٠٪ی بۆی دابینەدکـرێت لە مـوچەی فـەرمـانبـەرایەتی خـۆی یاسـایەکی خـانەنشین دەردەچێت وەزارەتەکانیش ئەوەی کە تەمەنی یاسایی تەواوکردوو فەرمانی وەزاریی دەردەکرد لە خانەنشین بکرێت بە ٨٠٪ی مـوچەکـەی تاکـو یاسـایەکی خـانەنشین دەردەچێت ئەویش بەویسـتـی خـۆی لە ئەندازیارو دکـتـۆرو لە بوارێکی دیکەوە خـزمـەتی زۆربووە بووە خـۆی لەسـەر ویسـتـی خـۆی خانەنشین

ژمارەیەک خانەنشین لە چاوەڕوانی وەرگرتنی مووچەدان

أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٥٥ / ١٧/١١/٠٨ / 11:52 PM

دەبوو دەچووە لە کارتی تایبەت، ئێستاش زۆربەش لەکەرتی تایبەت ئیشدەکەن بە ٨٠٪و لە ٢٠٠٧/١٢/٢٧ ئەو یاسایە تەعدیل کرا، یاسای ژمارە ٢٧لە ساڵی٢٠٠٦ لە ٢٠٠٧/١٢/٢٧ پەسەندکرا ئەوەبوو گوتیان: ٢٠٠٨/١/١ دەبێ جێبەجێبکرێت ئەوەبوو لە بەغدا جێبەجێکرا ئێمە بووجەمان بۆ دێت تا بووجە نەیەت تۆ ناتوانی مووچەو ئەوانی دیکە خەرج بکەی ئەوەبوو لە کۆنوسێکدا کە لە پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠٠٨/٥/٢٠ یاسایی بوودجە پەسەندکرا ئەوکاتە ئەو یاسایە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا پێیانگوترا کە یاسایی (٢٧ی ساڵی ٢٠٠٦)ی هەمووارکراو لە ٢٠٠٧/١٢/٢٧ پەسەنکراو هەرێمی کوردستانیش وەکو بەغدای لێ بکرێت وەکو پارێزگاکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵی لێ بێت، ئەوەبوو رۆژانە سەردانیان دەکردین. ئەو خانەنیشیانەی کە لە ساڵەکانی رژێم خانەنیشن کراون یان لە ساڵی (٢٠٠٢-٢٠٠٣) و...هتد خانەنیش کراون.

رۆژانە دەیانگوت بەغداد زیادی کردووە ئێوەبۆ زیادناکەن ئەوەبوو بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر بنەمای پەسەندکردنی بوودجەی هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یاسایی ژمارە (٢٧) ئێمە دەستمان کرد بەجێبەجێکردنی وەکو لایەنی جێبەجێکردنی وەکو لایەنی جێبەجێکار کەبووە یاسا لە هەرێمی کوردستانیش وەکو یاسایەکی خانەنیش لە ٢٠٠٨/٨/١ دیارە تەوەر هەیە، تەوەرەکیان ئەوانەی تا ٢٠٠٥/١٢/٣١ خانەنشین کراون هیچ کەس گلەیەکی ئەوەهای نییە، چونکە زۆربەیان مووچەیان زیادکراوە، چونکە خشتەیەکی هاوپێچ هەیە لەگەڵ یاسایەکەدا دەڵێت بەپێی ساڵەکانی خزمەت مووچەکەیان زیادبێت زۆربەی زیادبوو ئەوانەی ٢٠٠٦/١/١ کە ئامارژم پێکرد بە ٨٠٪ تاکو یاسایەک دەردەچێت ئەو بوو یاسایەکە دەرچوو ئەوە خانەنشین بەم شێوە دیاردەکات و دەڵێ: ئەگەر هات و تەمەنی (٦٠) ساڵ بوو (٢٥)ساڵ خزمەتی هەبوو، یان خزمەتی (٣٠)ساڵ بوو تەمەنی (٥٥) ساڵ بوو، یان ئەگەر هاتوو بەپێی راپۆرتێکی پزیشکی ئەگەر هات و کۆچی دوایی کرد، سەبارەت بە هێزەکانی ئاسایش و کارمەندانی هێزەکانی ناوەخۆش ئەوا دەبێ تەمەنی (٥٠) ساڵ بێت (٢٠)ساڵ خزمەتی هەبێت لە بواری پیشەکەیدا کە وەزارەتی ناوخۆیە ئەو مووچەی خانەنشینی بەم شێوەیە دیاری دەکرێت.

موچەی فەرمانبەری جارانی ٢.٥٪ جارانی، ساڵانی خزمەتی چەند دەرچوو ئەوە مووچەی خانەنشینی ئیتر ئەوەنییە بڵێی چەند دەرچوو بەپێی ئەو هاوکێشە ئەوە مووچەکەیەتی ئەو مەرجانەی کە لە سەرەوە باسمکرد، ئەگەر ئەو مەرجانەی نەبوو بەدەربوو لەو مەرجانە مووچەی خانەنشینەیەکەی دیاری دەکرێ بە مووچەی فەرمانبەراتییەکەی جارانی ٢٪جارانی ساڵانی خزمەت دەکرێت ئەوانەی ٢٠٠٦/١/١، چونکە بەپێی بڕیارەکە یاسایەکی یەکگرتوو دەرچووەو پەسند کراوە ئێمە هاتین جێبەجێمان کرد ئەوانەی لە ساڵەکانی (٢٠٠٥) بەرەو خوارێ لە (٢٠٠٤و٢٠٠٣و٢٠٠٢) زۆربەی زیادی کرد هەشبوو نەگۆڕابوو مووچەکەی هەروەکو خۆی مابوو، ئەوانەی ٢٠٠٦/١/١دا خانەنشین کران بە تەعدیلکردنی مووچەکان بۆ نموونە بەڕێوەبەرێک ئەگەر (١٥) ساڵ خزمەتی هەبێت ئێمە ٨٠٪مان پێدایە کە مووچەکەی لە فەرمانگەکەی خۆی (٤٤٤) هەزارە، (٣٥٥)هەزار مووچەی خانەنشین وەرگرتووە لە هەمانکاتدا مووچەی بەڕێوەبەرێک کە (٣٥) ساڵە ئەمیش لە ٨٠٪مان پێدایە کە (٣٥٥)هەزار دیناری بە بەرکەوتووە، ئێمە هاتین لەسەر بنەمای ئەو یاسایە ئەو هاوکێشەیە دەبینین ئەوانەی کە کەم بوو مووچەکەیان هاتەخوارێ، بەڵام وەک وەزارەتی دارایی ئێمە ئەو زیادەیەیی لەمەوپێش وەریان گرتوو، بەخشران، ٢٠٠٨/٨/١ ئێمە تەعدیلمان کرد ئەوانەش کە زیادبوو مووچەکەیان لە ساڵاکانی (٢٠٠٥و٢٠٠٤و٢٠٠٣) بەرەوخوار زیادی کردووە، ٢٠٠٨/١/١، ئێمە جیاوازی هەر ٧ مانگمان لەگەڵ مانگی ٨ بۆ خەرجکردن، لێرە گلەیەکە لەوەیە ئێمە ئەلین ئەوەی خزمەتی (١٥)ساڵ بوو زۆربەی کەمیکردووە، ئەوەی (٣٥)ساڵیش بووە بۆ نموونە کە ئامارژم پێدا (٣٥)ساڵ بەڕێوەبەرێک راستەوخۆ لە ٨٠٪کەی خۆی ماوەتەوە دەستکاری نەکراوە، ئەوەی (٢٥) ساڵ بوو لەوانەیە بە (٢٧٨)یان (٢٧٩)هەزار دینار، پاشان بەڕێوەبەرێک (١٥)ساڵ خزمەتی هەبێ (٣٥٥)هەزار وەرگرێ (٨٠٪) بەدەێ ئەوە ئەو یاسایە گلەیەکەی لەوە لەلای خەڵک دروستکرد، بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئێمە لەساڵی (٢٠٠٧) ئەوانیشمان خانەنشین دەکرد بە لە (٨٠٪) مووچەو دەرماڵە بۆیە هەستاین بە تەعدیلکردنی ئەوانیش دەرماڵەکانیان لێدەرکرد مووچەی بنەڕەتییەکە وەکو ئامارژم پێدا (٢٠)ساڵ خزمەتی هەبێ و (٥٠)ساڵ تەمەنی بێت لە ٢.٥٪ دەدەیتێ جارانی (١٨تا١٩)ساڵ هەبوو مووچەی بنەڕەتی جارانی ٢٪جارانی ساڵانی خزمەت مووچەکە چەند دەرچوو ئەوە مووچەکەیەتی، ئەوەی زیادی وەرگرتبوو بەخشرا.

*** ئێستا لەچەند بانک ئەو موچەیە بە خانەنشینان دەدرێت؟**

- ئێمە بە گوێرەی پایتەختی هەرێم (هەشت) بانکمان هەیە مووچەی خانەنشین دەدرێت، بە نیسبەت دەوروبەریش هەمانە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر بانک هەیە بۆ ئەوە خانەنشین ئەزیەتی نەخوات لە کاتی مووچە وەرگرتندا لە هەمانکاتدا ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین لە پایتەختی هەرێم کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین لێرە ئەوەی کە خانەنشین دەکرێت لێرە مووچەی خانەنشین بۆ دیاری دەکرێت دوای دەنێردرێت بۆ ئەو بانکەی کە نزیکە لە ماڵی لێی ئەپرسین ئێمە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی یەک و دوومان کردووتەوە لەبەرئەوە قەرەباڵغییەکی زۆر لەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی بووە بۆ ئاسانکاری بۆ فەرمانبەران بانکەکانیش، (٨)بانکن لە هەولێر، بۆ دەوروبەریش زیاتر لە (١٠) بانکە لە بنەسلاوە لە خەبات لە کەسنەزان لە هەریرو لە شەقڵاوەو لەو شوێنانە، سەبارەت بە سۆرانیش بەڕێوەبەرایەتی خانەنشی سۆرانیشمان هەیە ئەویش (٥-٦) بانکی هەیە ئاسانکاری بۆ خانەنشین دەکات.

مام خەلیلی پول فرۆش.. ئۆغرت خێر

محەمەد سەعید کوردە

زۆرن ئەوانەی بوونەتە بەشێک لە مێژووی پڕ لە سەروەری شاری هەولێرو هەمیشەو لە نزیکەوە رێزیان لێگیراوەو لەکاتی کۆچی دوایی و ماڵئاوایی یەکجارەکیدا سوویان لێ بۆتەوەو بەمەرگی ناوادەیان تاساون.

چەند رۆژێک لەمەوبەر لە ئەنجامی نەخۆشییەکی کوشندەوە دڵە گەورەکەی مام خەلیلی پول فرۆش لە لێدان کەوت و بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردین، هەموو خەڵکی شاری هەولێر لە نزیکەوە ئەو مرۆڤەیان دەناسی کە پتر لە نیو سەدە خەریکی پول فرۆشی بوو، بەڵام من تەنها هەڵوێستێکی مرۆڤانەو خۆنەویستانەی ئەو مرۆڤە بەهەشتییە بۆ مێژوو تۆمار دەکەم ئەویش لەبەر خاترو خۆشەویستی دایکی تا لە ژیان مابوو ژیانی هاوسەری پێکنەهێناو تا ئەو چرکانەی چاوەکانی لێک نا بوخچەی نەکراوەبوو، لەو یادە پڕ لە سویەشدا (مەلا سەید سەفا) پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی مەلا مەحمود کە ئەوسا دانیشتووی گەڕەکی عارەبان بوو بۆی گێڕامەوە کە مام خەلیل تا سەر ئێسقان دایکی خۆشدەویست، بۆیە هەموو جارێک بە کۆڵ دەیهێنا بەردەم حەمامی عەسری و نیو دیناری ئەو سەردەمەی دەدایە پیرەژنێکی ناتری حەمامەکە تا دایکی پاکوخاوێن بشۆن، پاشان هەر بەکۆڵ دەیبردە چێشتخانەی یوسف نان و تەشریبێکی باشی دەدایەو خۆشی لەبەر رێزو خۆشەویستی دایکی بەرماوەکەی بەردەمی دەخوارد، بەڕاستی ئەمەیە نموونەی وەفاو ئەمەکداری مام خەلیل، بۆیە چەپکێک گوڵی وەفاداری لەسەر گۆڕەکەت دادەنێین و لە ناخەوە پێت دەڵێین مام خەلیل گیان خوات لەگەڵ و ئۆغرت خێر.

خوالێخۆشبوو مام خەلیل

أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٦ / ١٧/١١/٠٨ / 11:52 PM

بەشێک لە گەڕەکی بنەسڵاوە بێ ئاون

ئێمە دانیشتوانی قەزای دەشتی هەولێر (بنەسڵاوە)گەڕەکی ئاشتی -بلۆک-١٥ نزیکەی بیست ماڵ دەبێت و کەوتوینەتە سەر شەقامی سەرەکی و زۆر بێ ئاوین و هەردوو رۆژ جارێک دەبێت بە تەنکەر ئاو بکڕین... بیری گەڕەکە کە (٨)کۆڵانی سەرەکی لە ئەستۆدایە و کارپێکەری بیرەکە کە ناوی جەمالە ئەڵێ لە (٣)سێ رۆژ جارێک بۆ ماوەی ٤ چوار کاتژمێر نۆرەی ئاوتانە و کارپێکردنی بیرەکە بەگازە و ئێستا نەماوە ئەمەش خۆی لەخۆیدا زوڵمێکی گەورەیە لە دانیشتوانی ئەم گەڕەکە دەکرێت بە تایبەتی بۆ ئاو کە پێداویستییەکی زۆر زەرورە و سادەترین مافی هاووڵاتییە لەسەر حکومەت کە دەبێت دابینی بکات. خاڵی دووەم ئەوەیە کە تا ئێستا بنەسڵاوە تاکە شوێنە کە کارەبای بیرە ئاوەکان فول نییە و لەگەڵ کارەبای گەڕەک دێتەوە و دەبڕێت بۆیە داواکارین کارەبای بیرەکان فول بکرێت و تەنانەت ئەگەر گەڕەک کارەبای نەبێت بەس با ئاومان هەبێت.

بەشێک لە دانیشتوانی گەڕەک

دانیشتووانی کورانی عەنکاوە لە تۆڕی پەیوەندی (کۆڕک تیلیکۆم) بێبەشن

ئێمە وەکو دانیشتووانی گەڕەکی کورانی عەنکاوە رووی گلەییمان ئاراستەی کۆمپانیای مۆبایلی (کۆڕەک تیلیکۆم) دەکەین، کە لە گەڕەکەکەمان تۆڕی مۆبایلی ئەم کۆمپانیایە زۆر لاوازە بەجۆرێک کە ناتوانین هیچ پەیوەندییەک وەربگرین و پەیوەندی بە هیچ کەسیشەوە بکەین، ئەمەش بۆتە جێگای نیگەرانی و دڵتەنگی دانیشتوانی ئەم گەڕەکە، جا ئێمە وەکو دانیشتوانی ئەم گەڕەکە داوا لە کۆمپانیای ناوبراو دەکەین کە خەمێک لەم مەسەلەیە بخۆن و ئەم کێشەیەمان بۆ چارەسەر بکەن.

رەزوان ئەنوەر
لەجیاتی دانیشتوانی کورانی عەنکاوە

بۆسەی کامیرا

ئەمڕۆ دیاردەیەکی زۆر ناشیرین و ناشارستانی پەیدابووە، ئەمیش یاری کردنی منداڵانە لە کوچەو کۆڵانەکان بێ ئەوەی دایک و باوکیان رێگەیان لێ بگرن یان ئامۆژگاریان بکەن، چونکە لە ئەنجامی ئەو کارە چەوتەوە، چەندین جار تۆپی یاریکردن دەکەوێتە ماڵەکانەوەو هەراسانیان دەکات، سەرباری هەموو ئەمانەش ماڵی وا هەیە نەخۆشیان هەیە یان باری گوزەرانیان لەبارو گونجاو نییە، خۆزگە دایکو باوکان سنوورێکیان بۆ ئەوە دیاردە ناشارستانییە دادەناو بەرنامەیەکی راست و دروستیان بۆ رۆڵەکانیان دادەرشت.

ئا: فۆتۆ: ئیسماعیل هەروتی

أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٥٧ / ١٧/١١/٠٨ / 11:52 PM

سیمای شارو سووتانی کەلتوور

یوسف عەبدولقادر

پێش ئەوەی مەبەستەکانم بخەمە روو، حەز دەکەم هەندێ راستی هەیە ئاماژەی پێبکەم بۆ ئەوەی لێکدانەوەی هەڵەی بۆ نەکرێت، بەرەو پێشکەوتن و شارستانییەت و بایەخدان بە شارێکی دێرینی وەکو هەولێر کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حەفت هەزار ساڵ جێگەی دەستخۆشییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتیش خودی بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەت کاک (نێچیرڤان بارزانی) کە زۆر بەجدی هەوڵ و تەقەللایەکی زۆری داوە و بەردەوامیشە شارێکی بێناز و وێران بەرەو شارێکی هاوچەرخی پێشکەوتوو ببات کەشان بەشانی وولاتانی دیکەی دنیا بێت لەهەموو رووێکەوە ئەوەیان نکۆڵی لێناکرێت ئەوەی ماوەیەکی کەم لە هەولێر دابڕێت کەهاتەوە شتێکی تازەی بەرچاو دەکەوێ ئەوەیان لایەنێکە کە جێگەی خۆشحاڵی و شانازییە، بەڵام لایەنی دی، شارستانییەت و پێشکەوتن لە پارستنی سیمای شارو کەلتوردایە ناکرێ پێشکەوتن لەسەر حیسابی مێژوو و کەلتوور بێت، زۆر سروشتییە وەکو هەموو وولاتانی جیهان هەردووکیان لەیەک کاتدا بکرێت هەندێ لە سیمای کۆنی شار بپارێزرێ و ماوەی پێشکەوتن و پەرەپێدانیش زۆرە، بەڵام بەداخەوە من وایدەبینم ئەو بەڕێزانەی خەریکی ماستەر پلانن تۆزێ رەچاوکردنی هەستی خەڵکی ئەو شارە دێرینەیان نەکردووە لەوانەیە زۆربەیان خەڵکی شارەکە نین بۆیە بە ئارەزووی خۆیان دەستییان داوەتە بێڵ بۆ رووخانی کەلتووری شارێک کە کەلتوور و تراسی میللەتێکە و بەسەدان ساڵە پارێزراوە. من وەکو کوڕە هەولێرییەک کە کوڕی ئەو شارە دێرینەم لێتان ناشارمەوە کە هەولێر وابەبێ کەسی و غەدرلێکراو دەبینم زیاتر هەست بەنامۆیی و ئاوارەیی دەکەم لە شاری باب و باپیرانم، هەولێرم وەکو هەر شارێکی دیکەی کوردستان و یان دەرەوەی وولات دێتەوە بەرچاو، چونکە هیچ یادەوەرییەکی منداڵیم لەو هەولێرە بەدبەختە نەماوە کە دڵم پێی خۆش بێت و رۆژانی منداڵیم بهێنێتەوە یاد، من زۆر جار کتێبی ئەلف وبێی کوردی خوالێخۆشبوو مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار دەخوێنمەوە(دارا دوو داری دی) تەنها بە یادی منداڵی و رۆژانی بەرائەت و ساکاری ژیانم دێتەوە یاد ئاخ و داخ و حەسرەت بۆ ئەو رۆژانە هەڵدەکێشم کە هەستم بە جەژن دەکرد بەجلکی رەنگاورەنگی جوان دەچووینە بن لەیلوکان و دەچووینە سینەماکانی ئەو شارە و هەریەکیان فیلمێک بوو، گازینۆی شەوانی هەولێر و گەس و بەدامچەو، کلاوکلاوانێ سینیسنیانێی خەڵکی شار (بەهەرحاڵ)، جێگەی داخەو لەوانەیە مافی خۆشی بێت بەڵام نەک وەکو ئیهانە بۆ خەڵکی شارێک لە سایتێکی ئینتەرنێت هێرشێکی زۆر کراوەتە سەر زەکەریای هونەرمەند بەناوی (هەولێریەکە)گوایە بەڕێز جەنابی مام جەلال نیو دۆنم ئەرزی لە شاری سلێمانی داوەتێ، بەڵام ئەو بەڕێزە فەرامۆشی کردووە کە هەولێر بە ئەرز و خەڵکەوە لەنێو چووە، بستێک لە خاکەکەی نەماوە دابەش نەکرێ و یان نەکڕرێ و نەفرۆشرێت ئەوەی خاوەنی هیچ نییە هەولێرییەکانن، خەڵکی غەیرە هەولێری خاوەنی هەولێر و باڵەخانە و هوتێلە ئەستێرەدارەکان و سوپەرمارکێت و شۆپینگ سێنتەر و بەرژەوەندییە گەورەکانن لە هەولێر.هەموو وولاتانی دنیا سەروەریەکیان هەیە شانازی پێوە دەکەن ئەویش سیمای وولاتیان و کەلتوورەکەیانە کە تەنها ئەوەیان رەسەنایەتی میللەتێک نیشان دەدات، بەڵام ئەگەر هاتوو لەبەین چوو ئەو میللەتە خاوەنی هیچ نییە. هەولێر دەشتێکی زۆر پان و بەرین، زەبەلاحی هەیە شارێکی بێچارەی گچکە نییە هەتا هیچی لێنەکرێت، دەکرێ زۆر پرۆژەی خزمەتگوزاری و باڵەخانە زۆر شتی دیکەی سەردەمیانەی لێبکرێت وەکو ئەو هەموو باڵەخانە و هوتێل و ڤیلیجانەی دروستکراوە و جێگەی دەستخۆشییە بەبێ ئەوەی سیمای شارەکە بگۆڕدرێت رێزم هەیە هەر سەرمایەدارێک هات و لەناوەندی شار زەویێکی کڕی و روخاندی و باڵەخانەیەکی لێ قووچ کردەوە بەبێ ئەوەی ئینتیمای بۆ ئەو شارە هەبێت و رەچاوی هەستی خەڵکەکەی بکات یان شوێنەواری کۆن دەکڕن و دەیکەن بەباڵەخانە، هەروەکو زانیوومە بەپێی ماستەر پلان خەریکە قەیسەری هەولێریش تێک دەدەن، کۆڵانە کۆنەکانی دەڕوخێنن و دەیکەن بە باڵەخانەی سەرمایەدارەکان کوا ئەو سینەمانە چییان لێهات کەدەبوایە نۆژەن بکەنەوە نەک لەبەینی ببەن، قەڵاتی هەولێر بەرەو کوێ؟ کوا حەمامەکەی! کە جێگەی سەبووری خەڵکی هەولێر بوو، کوا کۆڵان و خانووە کۆنەکانی کە دەبوایە نۆژەن بکرێتەوە، ناکرێت کەلتوور و مێژوو بسڕێتەوە لەسەر حسابی شارستانییەت و پێشکەوتن کەچی پاراستنی شارستانییەت و پێشکەوتنە، ئەوانەی چونەتە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا تێبینی یان کردووە کەوا شەقامیان هەیە پێشی سەدا ساڵ بۆ ئەسپ و گالیسکە دروستکراوە دەستکاری ناکەن، هەروەها قەدەغەیە دەستکاری رووی دەرەوەی باڵەخانەکان بکەن جگە لە مەراسیمی کۆنی خۆیان تا ئەورۆش پەیڕەو دەکرێ، چونکە کەلتووری وولاتیانە، لە شاری پراگ پایتەختی چیک ئەو کۆنە خانوانەی کە ناونیشانیان بەسەری بزن و سەگ و مەڕ و پشیلە و شتی دیکە ناسراون تا ئێستا ئەو کەلتوورەیان پاراستووە، خەڵک دەچی سەیری دەکا یان زۆر کۆڵان و خانووە کۆنەکانی زۆر وولات وەکو یۆنان و ئیتاڵیا و ڤییەنا کە وولاتێکی تازەی مۆدێرنە کۆڵان و خانووی کۆنیان هەیە هەموویان بەهەمان شێوە و روخساری کۆنی کراوەتە چێشتخانە و قاوەخانە خەڵک سەیری پێدێت و زیاتر سەرنج راکێشن، بەڵام بەداخەوە لە هەولێر ئەوەی هەمانە ئەوانە بوون کەباسم کرد کەوا خەریکە ئەویش دەسڕێتەوە دەبێتەوە ئەوانە لەسەر حسابی مێژوو پەسند نییە بەڵکو کەلتوور و مێژووی هەر میللەتێک زۆر بێ یان کەم دولایەنی شارستانییەتە نەک باڵەخانەی بەمۆدێل، لەگەڵ رێزم وا تێک و پێکی دەدەن بەبێ ئەوەی تۆزێ رەچاوی هەستی خەڵکی شارەکە بکرێت شتی وانەبووە، تکایە یادەوەری منداڵیمان لە بەین مەبەن باڵەوە زیاتر هەست بەنامۆیی نەکەین لە شارو زێدی باب و باپیرانمان، ئەوەی هەشبوو کە تۆزێ سەبوریمان پێ دەهات ئەو ئەنتیکەخانەی قەڵات بوو کە بەهەر شێوەبێت سووتا و گوایە خاوەنەکەشی تێر شەق کراوە لە جیاتی ئەوەی دڵی بدەنەوە کەوا خانووەکەی خۆی کە تەمەنی زیاترە لە ١٣٠ ساڵ بەماندووبوونی چڵ ساڵیان بەسەروەت و سامانی خۆیان کە بەدوو ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێ و پێشکەشی میللەتی خۆی کردووە هەمدیسانەوە پاڵپشتیەکی باشی ئابووریشە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوارۆژدا دەکرێ جێگەی رێز و شانازی و پاڵپشتی بێت دوا ووشەم حەز دەکەین شارەکەمان پێشکەوێ و بەرەو دنیای شارستانییەت هەنگاوبنێ و پرۆژەی خزمەتگوزاری زیادبکرێت باڵەخانە و هوتێلی ئەستێرەدار و سوپەرمارکێت و شۆپینگ و سینتەری زیادی لێدروست بکرێ هەروەکو دەبیندرێ کە جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام تکایە نەک لەسەر حسابی مێژوو و کەلتوور بێت، لەبیر نەکرێت هەولێر دەشتە و بواری هەموو شتێکی هەیە بۆیە ئاوەدانکردنەوە و کەلتوور و مێژووش بپارێزن.

أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٥٨ / ١٧/١١/٠٨ / 11:52 PM

چۆن خۆت و ئۆتۆمبێلەکەت لەم بۆمبە دەپارێزی؟؟

(ئاگرکوژێنەوە.. پشتوێنی دڵنیایی.. تەنکی بەنزین)

یوسف محەمەد شکر بازیانی*

لە حاڵەتێکدا شتەکان زۆر سادە دەردەکەون.. بەڵام لەڕاستیدا کارێکە کە ژیانمان داوامان لێدەکات.. (ئاگرکوژێنەوە.. تانکی بەنزین.. پشتوێنی دڵنیایی)و شتی دیکەش هەموو لەشتە یەدەگەکانی دڵنیایی و ئەمانەتین، کە پشتگوێیان دەخەین و بەهیچیان دەزانین، ڕێژەکان بۆمان دەردەخەن کە ٢٢ ٪ی ڕووداوەکانی ڕێگاوبان هۆکارەکەی گرنگی نەدانی ئێمەیە بۆ هۆیەکانی دڵنیایی و کەموکوڕییە تەکنیکییەکانی ئۆتۆمبێل، بەڵام ئەرکی کێیە چاودێری یەدەگەکانی دڵنیایی بکات لە ئۆتۆمبێلدا؟؟ وەڵامێکی لۆژێکی کە لەسەرزاری شارەزایان و هاوولاتیانەوە دێت ئەوەیە کە ئەوە لێپرسراویەتی پۆلیسە لەکاتی دەرکردنی مۆڵەتتدا لەکاتی تاقی کردنەوە یاخود لە کاتی نوێکردنەوەی ساڵنامەی ئۆتۆمبێل و تەرکیز دەکاتە سەر هەڵەکانی خێرایی و شێوەی دەرەوەی ئۆتۆمبێلەکەو لێرەدا پیاوانی هاتوچۆ ڕێدەگرن لەم کارانە، ئەویش بەدوورخستنەوە، هەروەها لێپرسراوان لەبێئاگایی هاوولاتیان لەسەر نەبوونی هۆشیاری بۆ گرنگی ئەو یەدەگانە..

زۆر یەدەگی ئەمانەتی و دڵنیایی هەیە کە شوفێری ئۆتۆمبێل لێی غافڵ دەبێت و کە ئەم بێ ئاگالێبوونەشی وایلێدەکات کە ئۆتۆمبێلەکەی بگۆڕێ بۆ بۆمبێکی چێنراو کە لەیەک کاتتدا کۆتایی بەژیانی شوفێرو ئەوەی لەگەڵی دایە دێنێت جگە لەوە گوێ نەدانی شوفێر بەگرتنەبەری کاری یاسایی دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆ، بەڵام واقیعەکە ئەوە دەسەلمێنێت کە بێ ئاگابوون لەو یەدەگانە دەبێتە هۆ بۆ ڕووداوی ڕووداوی کارەساتبار کە لەگەڵ خۆیدا ساڵانە گیانی زۆر هاوولاتی بێتاوان لەناو دەبات. بەنموونە لە کوردستاندا زۆربەی ئۆتۆمبێلەکان کەموکوڕیان هەیە لە هەبوونی ئاگر کوژێنەوەدا و ئەگەر هەیشیبێت مەگەر چۆن ئەگینا بەکەڵکی بەکارهێنان نایەت (کاتی تەواوبووە)، چونکە هاڕاوەیەکی تێدایە دوای شەش مانگ وشک دەبێتەوە، یاخود جۆرەکەی هەرزانە کەلالەی هاوولاتیان باشە، زەحمەتیشە ئەو جۆرە لەکاتی بەکارهێنانیدا ئۆتۆمبێل ڕزگار بکات. بەهەرحاڵ شوفێرنییە لە کوردستاندا ئاگر کوژێنەوەی پێنەوێت ئەو بەستنەش بۆ ئەوەیە شوێنەکەی بەتاڵ نەبێت تاوەکو بتوانێت لە پشکنینی ئۆتۆمبێل یاخود بۆ ئەوەی خۆی لەو مخالەفەیە ڕزگار بکات.. کێشەکە گەورەتر دەبێت و قورسییەکەی زیاتر زیادەکات ئەگەر بێت و بێ ئاگابن، لەبابەتی ئاگر کوژێنەوەو چاودێریان سەر مخالەفەکانی خێرا ڕۆیشتن و نەبەستنی پشتوێن و شتی دیکەش. لەوە پڕمەترسیتر ئەوەیە کە ٩٠ ٪ی شوفێری پاسەکان کە ڕۆژانە لێپرسراون لە گواستنەوەی هەزاران خەڵکن بەهیچ شێوەیەک گرنگی بە ئاگرکوژێنەوە نادەن سەرەڕای ئەمەش ئەم سەیارانە زیاتر ئەگەری تووشبوونیان هەیە بەڕوودواو گڕگرتن بەهۆی ئەو خێراییە شێتانەیانەوە کە پێی دەڕۆن یان ئەو ماندووبوونەی کە بۆیان دەبێتە هۆ لەماوە درێژەکانی کارکردندا و خراپی حاڵی ئۆتۆمبێلەکانیان چونکە گرنگی نادەن بە پشکنینی دەووری و چاکردنەوەیان.. گۆڕینی ئۆتۆمبێلەکان لە بەنزینەوە بۆ گازی سروشتی پێویستی بەگرنگی پێدانی زیاتری یەدەگەکانی دڵنیایی هەیە بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە ئاگرکوژێنەوە هەیە... خاڵێکی دیکە گوێ پێنەدانی شوفێرانە بەتانکی بەنزین.. کە زۆرجار سەرقاپ و بەرگ بەجێدەهێڵن یان بەبەرگ و سەرقاپێکی نامەحکەم کە ئامادەی دزەکردنی بەنزینە بۆ ئەو شوێنانەی کە لە ئۆتۆمبێلەکەدا پلەی گەرمیان بەرزەو ئەوەی بەشێوەیەکی گەورە لە (إتوبیات)ی کۆمەڵەی گواستنەوە گشتییەکاندا و لە ئۆتۆمبێل مایکروپاسکان لە ناوچە میللییەکاندا ڕووندەکاتەوە و ئەوە بوەتە هۆی ڕوودانی زۆر ڕوودا و لە ئەنجامی دزەکردنی بەنزینەوە.

هەروەها کەموکورتی تایەکانی ئۆتۆمبێل لە هۆیەکانی دڵنیاییە کە لە زۆربەی کاتەکاندا هەمانە، کە ڕێکنەخستنی هەوای تایەکانی ئۆتۆمبێل دەبێتە هۆی تەقینی تایەکانی، ئەمە سەرەڕای کێماسییە ترسناکەکان لە هەندێ تایەدا هەیە لە ئەنجامی کردەی فێڵی بازرگانییەوەیە کە لە هاوولاتییان دەخوازێ زیاتر گرنگی بە سەرچاوەو چۆنیەتی تایەکان و وردەکاری تێیاندا بدەن لەکاتی کڕینیدا.. لەوە گرینگتر ئەوەیە شوفێر دڵنیابێت لە برغوو و سەموونە و ویلی تایەکانی نەوەکو لەکاتی ڕۆیشتندا دەرچن.. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە زۆربەی شوفێران گرینگی بەوە نادەن تاوەکو تووشی مەترسییەکی گەورە نەبن یاخود دوای ڕوودانی ڕوودا وەکە گرینگی پێدەدەن شتێک کە زۆر زەحمەتە پشکنینی دەوری ئۆتۆمبێلە لەلایەن شوفێرانەوە، بەپێچەوانەوە لەسەری کەڵەکە دەبێت و بەدرێژایی تەمەنی ئۆتۆمبێلەکەی گرینگی بەپشکنین نادات، تاکە شتیش لەوەدا پاراستنی ژیانی شوفێرو نەفەرەکانە.

کێشەیەکی دیکە گوێپێنەدانی لایتەکانی ئاگادارکردنەوەیە، کەوا زۆربەی کات لایتی پێشەوە یان دواوە یان ئیشارەتی لاتەنیشتەکان بوونی نییە، زۆرکات یەک لایت هەیە ئەویش کاتێ ئیش دەکات کە ئۆتۆمبێڵی بەرامبەر ناچاری بکات وەک ئەوەی ئۆتۆمبێڵی بەرامبەری ماتۆڕ بێت نەک ئۆتۆمبێل!! کە ئەوەش دەبێتە هۆکار لە قەومانی ڕوودا وەکاندا.. کێشەیەکی دیکە تەواو گوێ پێنەدانی پشتوێنی دڵنیاییە لەلایەن شوفێرەکانەوە، بەنموونە ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی شاری هەولێر تەئکید دەکاتەوە لەڕێژەی بەرکەوتووان لە ڕوودا وەکاندا کە دەگاتە ٩٥ ٪ی ئەوانەی کە پشتوێنیان بەکارنەهێناوە و ئەوانەی لەو ڕێژەیەدا پشتوێنیان بەکارهێناوە نزیکەی ٥ ٪ن...

*** عەقیدی هاتوچۆ**

y baziani@yahoo.com

کاتێک بەختەوەریی لە ڕۆحی نیشتمان دەبێ

دلشاد سۆران/ هۆڵەندا

زۆرن ئەوانەی کە ڕۆحی نیشتمان لە ناخیان دایە، بۆیە، لە ناخی خۆیاندا وێنەیەکی گەوردو پیرۆز بۆ نیشتمان دەکێشن، ئەو کەسانە بۆ جوانی و سەر فیرازی وڵاتەکەیان دەژین و بەختەوەری خۆیان لەبەختەوەری نیشتمانەکەیان دەبینن، یەک لەو نموونانە کاکە (ئەیوب ئەحمەد) خاوەنی کۆمپانیای (sall Group)ە لە شاری هەولێر، ڕاستە ئەو کاری بازرگانە، بەڵام چەندە بە مرۆڤێکی خۆبەخش هاتە بەڕچاو، کاتێک دەڵێت من هەموو ئاواتم دروست کردنی نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن و بردنەوەی دەرمانە بۆ خەڵکی وڵاتی خۆم، نەک تەنیا بازرگانی کردن، بەڵکو کردنەوەی نەخۆشخانەیەک کە ئازاری گەلەکەم کەم کاتەوە.

جێی باسە بەڕێز ئەیوب لە دایکبووی شاری ڕەواندوزە، بۆماوەی ٣٠ ساڵە لەشاری هەولێری پایتەخت دەژی، پاش تەواوکردنی پەیمانگای مامۆستایان، خەریکی کاری بازرگانی بووە، ئێستاش بە ئاواتی کردنەوەی نەخۆشخانەیەکە لەشاری هەولێر.

بەهیوای دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن و بێ هاوتام لە کوردستان!

کاتێک سەردانی نەخۆشخانەیەک دەکەی ئەوکاتە دەزانی کە چەندین مرۆڤ بە ئازاری نەخۆشییەکانیان دەناڵێنن بەتایبەتی ئەو نەخۆشیانەی کە لە هەرێمی کوردستان چارەسەریان نییە، هەر بۆیە زۆر دەمێکە خەون بە دروست کردنی نەخۆشخانەیەکی بێ هاوتا لەناوچەکە دەبینم، ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشانەی کە نەخۆشییەکانیان لە هەرێمی کوردستان چارەسەر ناکرێ، بۆکەمکردنەوەی ئێش و ئازارەکانیان، بۆ باشکردنی تەندروستییان، بەتایبەتی ئەو نەخۆشانەی کە کەم دەرامەتن و توانای ئەوەیان نییە بچنە دەرەوەی هەرێم، بۆ ئەوەی بتوانن بەنرخێکی زۆر گونجاو چارەسەری نەخۆشییەکانیان بکەن.

داواکارم لە حکومەتی کوردستان ئاسانکاریم بۆ بکا بۆ ئەنجام دانی ئەو پرۆژەیە!

بێگومان، ئەمە پرۆژەیەکی گەورەیە، من ئامادەم هەموو توانایەکم بەکاربێنم بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیە، بەڵام بۆ ئاسانکردنی ئەنجامدانی پرۆژە کە پێویستم بە یارمەتی حکومەتی کوردستانە بەتایبەتی وەزارەتی تەندروستی. حەز دەکەم باسی ئەوە بکەم کە ئەم پرۆژەیە تاکە پرۆژە نییە لەبەرنامەم دا، بەڵکو، چەندین پرۆژەی دیکە هەن کە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات و خزمەت بەخەڵکی وڵاتەکەم دەکات.

أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٩ / ١٧/١١/٠٨ / 11:52 PM

ۆرکشۆپێک بۆ (١٠) وێنەگری فۆتۆگرافی رۆژنامەنووسی

بەمەبەستی بڕەودان بەکارولێهاتوویی وێنەگرانی فۆتۆگراف ئەوانەی لەدەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەو گۆڤارەکان پیشەی رۆژنامەنووسی ئەنجام دەدەن، هەروەها بەئامانجی راهێنانیان لەسەر نوێکاری لەپیشەکەیانداو ئاگاداربوونیان سەبارەت بەگۆرانکاریەکانی جیهان لەسەر ئاستی تەکنیک و شێوەوچۆنیەتی پرۆفیشناڵکردنی کاری فۆتۆگرافی رۆژنامەنووسی کوردی، رێکخراوی پەرە پێدانی کاری راگەیاندن MWDOبەهاوکاری لەگەڵ رێکخراوی IMCKبۆماوەی هەفتەیەک لەبەرواری ٥-١١/١١/٢٠٠٨لەهەولێر ۆرکشۆپێکی رۆژنامەوانی بۆژمارەیەک لە وێنەگرانی فۆتۆگرافی رۆژنامەوگۆڤارەکان کردەوە، کەلەشارەکانی هەولێر و سلێمانی وکرکوک و نەجەف بەشداریان کردوو لەلایەن راهێنەر(ئێدی ڤان وێسڵ) وێنەگری فۆتۆگرافی جیهانی بەرەگەز هۆڵەندی وانەو موحازەرەکان پێشکەشکران، بەمەبەستی زیاتر تیشک خستنە سەر چۆنیەتی بەرێوەچوونی ئەم ۆرکشۆپە و رادەی سوودمەندبونی بەشداربووانی بەباشمان زانی لەشوێنی بەرێوەچوونی خولەکەدا سەردانیان بکەین وخوێنەرانی بەرێزبەچەندلایەنێکی خولەکە ئاشنابکەین:

راپۆرت: بێخاڵ رانیەیی

بۆچی ئەم ۆرکشۆپە

بەرپرسی بەشی وەرگێران و زمانەوانی لەرێکخراوی پەرەپێدانی کاری راگەیاندنmwdo(قانع کاکەیی)لەوەڵامدا گوتی:

دوای ئەوەی لە وەرزی نوێی کارکردنی رێکخراومان نەخشەیەکمان ئامادەکرد بۆ کردنەوەی چەندخولێکی رۆژنامەوانی بۆ رۆژنامەنووسانی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردستان ، ئەوەبوو رێککەوتین لەسەر کردنەوەی ئەم ۆرکشۆپە، چونکە هەستمان بەوخاڵە کردبوو کەوێنەگرانی فۆتۆگرافی رۆژنامەنووس لەکوردستان پێویستیان بەزیاتر پرۆفیشناڵکردنی کارەکەیان هەیە بەجۆرێک کەحاڵەتێکی ستانداردی جیهانی لەپیشەی رۆژنامەوانی بەکارەکانیانەوە دیاربێت، ئەوە بوو پەیوەندیمان بەژمارەیەک لەدەزگاکانی راگەیاندن و وێنەگرانەوە کردو ئەوانیش وەڵامی ئیجابیان هەبوو، خۆشبەختانە بۆماوەی هەفتەیەک ئەم خولەمان لەسەردەستی راهێنەرێکی بەتوانای هۆڵەندی بەناوی (ئێدی ڤان وێسڵ) ئەنجامدا و ژمارەیەکی بەرچاوو لە وێنەگرانی فۆتۆگرافی رۆژنامەو گۆڤارەکان لەشارەکانی کوردستان و خواروی عێراق بۆماوەی هەفتەیەک بەشداربوون.

بەرەو پێشچوونی پیشەیی لەکوردستان هەست پێدەکرێت

راهێنەر- ئێدی ڤان وێسڵ سەبارەت بەهاتنی بۆکوردستان و راهێنانی لەم خولەدا گوتی:

لەرابردوودا، تەنیا جیهانی دەرەوە کوردستانیان وەک ناوچەیەکی پڕکارەسات دەناسی ئەویش بەهۆی رادەی زۆری ئەو تراژیدیایانەی کەبەسەر خەڵکی ئەم وڵاتەدا هاتبوو، ئەوەش لەرێگەی ئەو وێنەو فیلم و دیکۆمێنتانەی کەدەگەیشتنە دەرەوە دەبینران، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە بەئاقارێکی باشدا گۆراوەو وێنەکانیش جوانترو گەشتر دەبینرێن، ئێستا کوردستان لەقۆناغی گۆران و پێشکەوتندایە بۆیە پێویستییەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکیش گۆراوە کەواتە پێویستە تەکنیک و تێروانینەکانیش بگۆردرێن و راهێنان و فێربوون ئەنجام بدەین، کەئێمە لەم خولەماندا ئەم پرەنسیپەمان کردە بنەمای کارکردن کەوا گۆران بکەین بۆپێشکەوتن و داهێنان.

بیروبۆچوونی بەشداربووانی ۆرکشۆپ

فازل فەرامۆش - وێنەگری رۆژنامەنووسی گوتی:

ماوەی ٣٠ساڵە پیشەی وێنەگری فۆتۆگرافی ئەنجام دەدەم ، بەڵام لەم خولەدا زانیاری زۆرباش و نوێ دەربارەی کارەکەم فێربوم و سوپاسی سەرپەرشتیارانی کردنەوەی ئەم وۆرکشۆپە دەکەم.

هەردی هەورامی - وێنەگرلەسایتی ئەلیکترۆنی krp گوتی، مرۆڤ هەمیشە پێویستی بەشتی تازەو فێربوون لەبەهرەی کەسانی ترەو هەیە بۆیە منیش بەش بەحاڵی خۆم کەئەمە یەکەمین خولە تیایدا بەشداردەبم بۆمن زۆر لە نهێنیەکانی کارەکەمی بۆدرکاندم و باشتر تەکنیکی وێنەگرتنی پێناساندم و دەروازەیەکیش بوو بۆم بۆچونە نێو جیهانێکی نوی .

مەهدی رەزا - وێنەگرلەکەناڵی حورییە لەشاری کەرکوک گوتی: زۆر کارو ئەرک کەپێشتر ئەنجاممان دەدا لای خۆمان ئەو گرنگی و بایەخە زۆرەی نەبوو یان بابڵێین سەلیقەی تەواو و هەونەریمان لەگەڵدا نەدەکرد، بەڵام لەم خولەدا راهێنەرەکەمان پتر ئەو گرنگی و بایەخدانەی بۆ رونکردینەوەو هێزی بروا بەخۆبون و خۆشەویستی بۆکارەکەمان پتر لەلامان دروست بوو.

عەلاحەیدەر - وێنەگری ئاژانسی APلەشاری نەجەف گوتی: لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق کەشێکی نوێ و بوارێکی فراوان بۆکارو پیشەکەمان هاتە ئاراوە کەئەمەش پێویستی بەراهێنان و مەشقکردنی بەردەوام دەبێت ، بۆئەوەی شێوازی کارەکانمان ستایلێکی پرۆفیشناڵ و ستانداردی جیهانی پێوەدیاربێت لەم بوارانەدا ئەمەی لەم ۆرکشۆپەدا وەرمانگرت و فێری بوین بەشێک لە پێویستییەکانی حەزی کارکردنی ئێمەی تێدا بوو پێمانی بەخشی کەبێگومان لە ئایندەدا سودی پێشخستنی پیشەکەمانی تیادا دەبینینەوە.

جێی باسە لەو خولەدا (١٠) وێنەگری فۆتۆکرافی رۆژنامەنووس بەشداربیان تێداکردبوو.

أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٦٠ / ١٧/١١/٠٨ / 11:52 PM

قایمقامی شەقڵاوە بۆ :

نەخێر، تەنیا بەردەم ماڵی بەرپرسان قیرتاو ناکەین

قایمقامی قەزای شەقڵاوە (دلاوەر ئۆمەر) لەم دیانەیەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە پرسە پەیوەندارەکانی شارۆچکەی ناوبراو دەدوێت و وەڵامی گلەیی و گازاندەی خەڵکی شەقڵاوە دەداتەوە کە گۆڤاری هەرێمی کوردستان وەکو پرسیار ئاڕاستەی کردبوو.

شەقڵاوە: نزار گزالی

*** سەرەتا لە پرۆژەی جوانکردن و نۆژەنکردنەوەی بازاڕی شەقڵاوە دەستپێدەکەین، دەکرێت بە کورتی باسێکی ئەم پرۆژەیەمان بۆ بکەیت؟**

- پرۆژەکە بریتییە لە

١-: ژێر خاک کردنی کارەبای ناوبازاڕ.

٢- زیادکردن و فراوانکردنی زێرابی بازاڕ.

٣- نۆژەنکردنەوەی تۆڕی ئاو.

٤- گۆڕینی قیری شەقامی بازاڕ بە کۆنکریتی ڕەنگاورەنگ.

٥- بچوک کردنەوەی کریستۆنەکان بۆ (١٠) سم.

٦- هەروەها بڕیارمان داوە دوکان دارەکان لەگەڵ نۆژنکردنەوەی بازاڕ دیکۆڕی دوکانەکانیان بگۆڕن و لە بڕی دەڕاب بیکەنە جامخانە و ئەلیکۆبۆنی لێدەن بۆ ئەوەی سیمای شار زیاتر شارستانی بێت و ببێتە هۆکارێک بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران.

*** بەڵام خاوەن دوکانەکانی شەقڵاوە گلەیی لەم پرۆژەیە دەکەن و دەڵێن هاوکاتە لەگەڵ وەرزی گەشت و گوزاری و کارەکانمان پەککەوتووە؟ ئایا نەدەکرا لە کاتێکی دیکە ئەم پرۆژەیە بە ئەنجام گەیاندرابایە؟**

-پار ساڵ ئەم پرۆژەیە بۆ بازاڕی شەقڵاوە دەرچوو پارەی تەواوی بۆ دابین کرابوو و بڕیار وا بوو جێبەجێ بکرێت، بەڵام لەسەر داواکاری خەڵکەکە و بە هۆی ئەوەی کە دەکەوتە وەرزی گەشتیاری بڕیارماندا ئەو پارەیە لە هەندێک کاری دیکەی خزمەتگوزاری سەرف بکەین و جەنابی پارێزگاریش ڕەزامەندی لەسەر نیشاندا و پرۆژەی جوانکارییەکەش دواخرا بۆ ساڵی ٢٠٠٨ واتا ئەمساڵ، ئەمساڵیش وابڕیار بوو لە مانگی (٤) جێبەجێ بکرێت ئیدی هەموو کشوفاتەکان ئەنجامدرابوون، تەنها ئەوە بوو بەڵێندەر جێبەجێ بکات، بەڵام بە هۆی دواکەوتنی میزانییە کە ئەمساڵ میزانییە نزیکەی مانگی (٦) گەیشتە کوردستان، هیچ بەڵێندەرێک ئامادەنەبوو بەر لە هاتنی میزانیە پرۆژەکە جێبەجێ بکات، بۆیە دواکەوت و گەیشتە مانگی (٦) ئیستاش ئێمە بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵداین پرۆژەکە بە خێرایی بڕوات تەنانەت حکومەت بەشێکی پرۆژەکە جێبەجێ دەکات وەکو تۆڕی ئاو و ژێر خاککردنی کارەبا، لێرەوە من دەڵێم راستە لەم ماوەیەدا خەڵکەکە دووچاری هەندێک کەمبازاڕی دەبێت، بەڵام دوای تەواوبوونی دەرئەنجامی چاکی دەبێت.

*** وەکو زانیومانە پرۆژەی ڕووناکردنەوە (الانارە)ی شەقڵاوە دەرچووە دەکرێت بزانین ئەم پرۆژەیە بە کوێ گەیشت؟**

- ئەم پرۆژەیە بە دوو قۆناغ جێبەجێ دەکرێت قۆناغی یەکەم کەوتۆتە واری جێبەجێکردن کە لە سەرەتای کاوانیان دەستپێدەکات تا ناوەڕاستی شەقڵاوە و لەگەڵ بازاڕ تێکەڵ دەبێتەوە، ئەوەی دیکەیان ڕێگەی سەرەکی سۆرکە کە دەرخستەی بۆ کراوە و ڕەزامەندی زارەکیشی وەرگیراوە کە دەکەوێتە قۆناغی دووەم، چونکە ئەم شوێنەش ئێوارە و شەوانی پێنجشەمە و هەینی خەڵکێکی زۆری لێ کۆدەبێتەوە.

*** پێشتر ئاو و پاشەرۆژی مزگەوتەکانی شەقڵاوە تێکەڵ بە جۆگە و ئاوی ئاودێری دەبوونەوە ئایا چ ڕێوشوێنێکتان گرتۆتەبەر بۆ نەهێشتنی ئەم دۆخە؟**

-بەڵێ ئەمە وێڕای پیسی بۆنی ناخۆش و مەترسی بۆ سەر تەندروستی خەڵکی دروست دەکرد و زۆر پێویست بوو زووتر ئەمە چارەسەرکرابایە، بەڵام ئەمساڵ بە هیمەتی هەموو لایەک دەستکرا بە دورستکردنی سەرکی تانک بۆ کۆکردنەوەی ئاوی قورس بۆ ئەوەی چیتر تێکەڵ بە ئاودێری و جۆگەی ماڵان نەبێت.

*** وەکو ئاگادارین ناوچەی پیشەسازی شەقڵاوە بڕیاری ئەوەی بۆ دەرچووە بگوازرێتەوە دەرەوەی شەقڵاوە، مەبەست لەم کارە چی بوو؟**

- لای هەمووان ئاشکرایە کە ئەمە کاری نا شارستانییە ناوچەی پیشەسازی لە نێو ماڵان و ناوچەی نیشتەجێبووندابێت، بۆیە بڕیارماندا بە گواستنەوەیان، هەر چەندە کێشەیان بۆ دروست کردین و نارەزامەندییان نیشاندا، بەڵام توانیمان قەناعەتیان لا درست بکەین و لە شوێنێکی زۆر شیاو زەویمان بۆ دابین کردن، تاکە مەبەستیش لەم کارە جوانکردن و پاراستنی ژینگەی شەقڵاوە بوو.

*** گرفتی سەرەکی کۆڵانەکانی سەرمەیدان تێکچوونی شەقامەکانیانە و چاڵی زۆریان تێکەوتووە، ئایا تۆ تا چەند ئاگاداری ئەم دۆخەیت؟**

-بەڵێ .. من لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم شوێنانەم کە بڕە پارەیەک بۆ هەر یەک لە گەڕەکی ئاشتی و ئازادی دەرچووە بە مەبەستی چاککردن و هەندێک شوێنیش قیرتاوکردن پەنا بەخوا هەوڵدەدەین تێکڕای گەڕەکەکانی دیکەش ئەم گرفتەیان نەمێنێت.

*** چەند ساڵێک لەمەوبەر سەرمەیدان هەندێک کاری قیرکردنی بۆ کرا، بەڵام واسیتەو خزمایەتی ڕۆڵی هەبوو بەو واتایەی ئەو کۆڵانانەی واسیتەیان هەبوو یان ماڵە بەرپرسی لێبوو کۆڵانەکانیان دووبارە قیرکرایەوە، ئایا دەکرێت تۆ خەڵکی شەقڵاوە دڵنیا بکەیتەوە لە دووبارە نەبوونەوەی ئەم حاڵەتە؟**

- من لە پار ساڵەوە هاتوومەتە شەقڵاوە، لە وەتەی هاتنی من بۆ شەقڵاوە یەک شوێن نییە بە واستە کاری قیرتاوکردنی بۆ کرابێت، بەڵکو شوێن هەبووە واسیتەی هەبووە یان ماڵەبەرپرسی لێبووە و داوای ئەوەیان کردووە قیرتاوی بکەین بۆمان نەکردوون، بۆیە بە دڵنیاییەوە بە خەڵکی شەقڵاوە دەڵێم ئەوەی باست کرد ڕووناداتەوە.

أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٦١ / ١٧/١١/٠٨ / 11:52 PM

هەق و بەق

(دڵزاری حاجی سەلیم).. نموونەی کەسایەتییەکی دڵسۆزو خێرخوازی دەڤەری هەریرە

عەزیز هەریری

سەرکەوتن و بەرەو پێشچوونی کوردستان و، خەڵکە ستەمدیدەکەی بەپێی توانا و لێهاتوویی خۆیان لەسەر ئەنجامدانی کاری دڵسۆزانەی خۆیاندا بەردەوامن و، هەستیش بەوە دەکەن کە مادامەکی لەئاکامی هەوڵ و ماندوبوون و کارکردنێکی پاکەوە بەو ئاستەی ئەمڕۆیان گەیشتوون و، لەتوانایاندا هەیەخزمەت بەخەڵک و هاووڵاتیانی خۆیان بکەن، پێیانوایە پێویستە ئەوانیش هاوتەریب لەگەڵ داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێنە مەیدانی ئەنجامدانی کاری خزمەتگوزاری و، ببنە نموونەو پێشەنگ بۆ کەسانێکی دیکەی هاوشانی خۆیان، بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بەو بەرپرسێتییەی خۆیان بکەن و، ئەوەی بۆیان دەکرێت لەخزمەتکردنی گەل و نەتەوەکەیاندا لێی دوو دڵ نەبن و بیکەن.

بەبۆچوونی من ئەم کارە مرۆیی و نیشتیمان پەروەرییەی کاکە (دڵزاری حاجی سەلیم) شیاوی ئەوەیە لەلایەن سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەتایبەتیش لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەبایەخێکی زۆرەوە تەماشا بکرێت و، ئەم هەنگاوەی ئەم هاووڵاتییە بەرێزەو، خەڵکانێکی دیکەی هاوشێوەی ئەو، لەهەموو کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردستانەوە پەخش بکرێت و، وەکو کارێکی پیرۆزی بواری پەروەردەو فێرکردن لەکوردستاندا بناسێنرێت، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا خەڵکانێکی سەرمایەداری دیکەیش چاو لەو بەرێزە بکەن، بەتایبەت ئەو کەس و خەڵکانەی توانای ئەنجامدانی کاری خێرخوازی و چاکەکاریان هەیە.

من پێموایە ئەمڕۆ لەکوردستاندا خەڵکانێکی زۆری وەکو کاکە (دڵزار) هەن، کە لەڕووی داراییەوە دەست رۆیشتوون و سەرمایەی باشیان لەبەر دەست دایەو، توانای ئەنجامدانی کاری خزمەتگوزارانەی زۆریشیان هەیە، هیواخوازیشم وێنەیان لەزێدەبووندا بێت، لەهەمانکاتیشدا دەڵێم خۆزگە هەریەکەو لەئاستی خۆیدا بەپێی توانا بەشداری لەئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا دەکردو، سەرۆکایەتیی حکومەتیش وەکو پێویست کارو دڵسۆزیی ئەو جۆرە کەسانەی بەهەند وەردەگرت و، بەرەو کاری خزمەتگوزارانەی باشترو زێتر هانی دەدان.

aziz.hareri@yahoo.com

لە ئەڵقەی رابردووی ئەم گۆشەیەمدا ئاماژەم بەوەدابوو، کە هەموو ئەو کارە باش و خزمەتگوزارییانەی لێرەو لەوێدا بەئاکام دەگەن، چ ئەو کارانەی لەلایەن داوودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتەوە، یان ئەوانەی لەلایەن خەڵکانێکی خزمەتگوزارو دڵسۆز بەگەل و نیشتیمانەکەیانەوە ئەنجام دەدرێن، واچاکە بەویژدانەوە وەکو پێویست ئاماژەیان پێبدرێت و دەستخۆشانەیش لەهەموو ئەوکەس و لایانانە بکرێت، کە بوونەتە هۆ کار بۆ ئەنجامدانیان، بۆ ئەوەی هەمیشە سوورو رژد بن لەسەر ئەنجامدانی کاری چاکەو خێرخوازیی پەیوەست بەبەرژەوەندیی گەل و نەتەوەکەیان، بەبۆچوونی من ئەم جۆرە هاندانە کەم تا زۆر دەبێتە مایەی هاندانی هەموو ئەو لایەن و خەڵکانەی هەست و سۆزی خزمەتگوزارانەیان لەنێو دڵ و دەروونداە هەیە، تاوەکو بەپێی توانا و لێهاتوویی خۆیان هەمیشە لەگەڵ کاری چاکەو بەرژەوەندیی گشتیدا بن، لەپاڵ ئەویشدا جارێکی دیکە ئەوە تەئکید دەکەمەوە، کە هەرکاتێک هەست بەبوونی کارێکی ناجۆرو زەردر بەخش بەگەل و نەتەوەکەمانیش بکەین، پێویستە زۆر بەجورئەتەوە پەنجە بۆ لایەنە دزێوو خراپەکانی درێژ بکەین و، لەهەمان کاتیشدا بەبێ سڵەمینەوە دەستنیشانی ئەو لایەن و کەسانەیش بکەین، کە وەکو پێویست کار بۆ بەرژەوەندیی گشتیی ناکەن، بەڵکو بەرژەوەندیی خودی خۆیان دەخەنە پێش هەمو شتێکەوە.

بێگومان هەمووان ئاگادارین، کە هەر دوای دەرچوونی ناوی ئەو قوتابییانەی لەکۆلیژەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون، یەک دوو هەفتەیە دەبێت نزیکەی (١٠) هەزار قوتابی لەوانەی کە لەهیچ کۆلیژێکدا وەرنەگیراون، فشارێکی زۆریان خستۆتە سەر وەزارەتەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵا، کە لەهەقیقەتدا ئەو داوایەی ئەوان دەیکەن داوایەکی ڕەوایەو پێویستە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرلەوەی پەنا بۆ سنووربەندکردنی پرۆسەی وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لەکۆلیژەکانی زانکۆکانی کوردستان بەرن، پلانێکیشیان دابنایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی چاوەڕوان کراوی وەک ئەم کێشەیە، کە بێشک لەئەنجامی وەرنەگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابیان و خوێندکارانەوە سەر هەڵدەدات، وەکو چاودێرێکیش بۆ ئەو کۆبوونەوە تایبەتەی پەرلەمانی کوردستان و، ئەو بۆچوون و دانوستان و گفتوگۆیانەی لەنێوان وەزیرە بەرێزەکانی خوێندنی باڵاو پەروەردەو پەرلەمانتارە بەرێزەکان، کەهەفتەی رابردوو ئەنجامدراو بەرێووە چوو، دەرکەوت کە هۆکارەکانی وەرنەگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابییان رەنگە زۆر بن، بەڵام پێدەچوو دوو هۆکاری سەرەکی بەدوای سەرهەڵدانی ئەم کێشەیەوە بووبن، کە یەکێکیان، نەبوونی پلان و هاوئاهەنگییەکی تەواوی نێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و وەزارەتەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو، ئەوەی دیکەیشیان، نەبوونی شوێن و جێگەی خوێندنە بۆ قوتابییان و خوێندکاران، کە وەکو پێویست لەبەر دەستدا نییە بۆ ئەو بوارە هەستیارەی قوناغی باڵای خوێندنی قوتابییان دابین نەکراوە، هەڵبەتە هەردوو خاڵەکەی سەرەوەو خاڵەکانی دیکەش بەبۆچوونی من، بۆ کزی و سستیی پلانی وەزارەتەکان و حکومەت دەگەڕێتەوە، چونکە ئەم جۆرە کارانە دەبێ پلانی پێشوەختەی بۆ دارژرێت نەوەکا بەشێوەیەکی کت و پڕ ڕاگەیەندرێت و بەرەنجامیش ئەو کێشەیەی لێبکەوێتەوە، کە حاڵی حازر لە ئارادایە، لەهەمان کاتیشدا دەبێ ئاماژە بۆ هاوسۆزی و هەڵوێستی گەرماو گەرمی پەرلەمانی کوردستان بکرێت، کە بۆ بەدەنگەوە هاتنی ئەو کێشەیەو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی لەبارو گونجاو بۆ ئەو ژمارە زۆرەی قوتابیان و خوێندکاران هەر زوو کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان سازکرد، بێگومان ئەم کارەی ئەوان جێگەی دەستخۆشی لێکردنە، چاوەڕوانیش دەکرێت ئەو هەوڵ و کۆششەی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هەرچی زووە بەئاکامێک بگات، کە لە بەرژەوەندیی گشتیی قوتابییان و خوێندکاراندا بێت.

هەر لەم سەرو بەندەدا کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنێکی تایبەتدا سەرقاڵی ئەو کێشەیەی قوتابییان و خوێندکاران بوو، پێمایە هەر هەمان ئەو ئێوارەیەیش بوو، لە یەکێک لە کەناڵە ئاسمانییەکانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی خۆمان هەواڵێکی دەگەمەن و دڵخۆشکارانە راگەیەندرا، ئەویش بریتی بوو لەوەی کە هاووڵاتییەکی خەڵکی (هەریر) بەناوی (دڵزاری حاجی سەلیم) باڵاخانەیەکی تایبەت بەقوتابخانەیەکی سەرەتایی، لەسەر ئەرک و خەرجیی خۆی بۆ قوتابییان لەو دەڤەرەدا کردۆتەوە، ئەمە وێڕای دروستکردنی مزگەوتێک و بڕینەوەی مووچەیەکی تایبەت بۆ خەڵکانێکی هەژارو نەداری دەڤەرەکە، لە راستیدا کاتێک ئەو هەواڵەو وێنەی قوتابخانەکەو، قسەو بۆچوونی قوتابییانی ئەو قوتابخانەیەم لەبارەی ئەو کارە پیرۆزەی کاکە (دڵزار)ی ئازیزم لەو کەناڵە ئاسمانییەدا بینی، کەپێمایە کەناڵی زاگرۆس تیڤی بوو، هەستم بەخۆشییەکی ئەوتۆ نەکرد کەس بزانێت، چونکە ئەنجامدانی کارێکی خزمەتگوزارانەی لەم شێوەیە بێشک دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ پێی دڵخۆش بێت و ببوژێتەوەو، هەست بەوەیش بکات کە هێشتا خەڵکانێکی چاکەکارو خێرخوازی ئەم وڵاتەو ئەم کوردستانە ئازیزە، بەگیانێکی لەخۆبووردەیی و بەهەست و سۆزێکی نیشتیمان پەروەرانە بۆ سەرکەوتن و بەرەو پێشچوونی کوردستان و، خەڵکە ستەمدیدەکەی بەپێی توانا و لێهاتوویی خۆیان لەسەر ئەنجامدانی کاری دڵسۆزانەی خۆیاندا بەردەوامن و، هەستیش بەوە دەکەن کە مادامەکی لەئاکامی هەوڵ و ماندوبوون و کارکردنێکی پاکەوە بەو ئاستەی ئەمڕۆیان گەیشتوون و، لەتوانایاندا هەیەخزمەت بەخەڵک و هاووڵاتیانی خۆیان بکەن، پێیانوایە پێویستە ئەوانیش هاوتەریب لەگەڵ داوودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێنە مەیدانی ئەنجامدانی کاری خزمەتگوزاری و، ببنە نموونەو پێشەنگ بۆ کەسانێکی دیکەی هاوشانی خۆیان، بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بەو بەرپرسێتییەی خۆیان بکەن و، ئەوەی بۆیان دەکرێت لەخزمەتکردنی گەل و نەتەوەکەیاندا لێی دوو دڵ نەبن و بیکەن.

بەبۆچوونی من ئەم کارە مرۆیی و نیشتیمان پەروەرییەی کاکە (دڵزاری حاجی سەلیم) شیاوی ئەوەیە لەلایەن سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەتایبەتیش لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەبایەخێکی زۆرەوە تەماشا بکرێت و، ئەم هەنگاوەی ئەم هاووڵاتییە بەرێزەو، خەڵکانێکی دیکەی هاوشێوەی ئەو، لەهەموو کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردستانەوە پەخش بکرێت و، وەکو کارێکی پیرۆزی بواری پەروەردەو فێرکردن لەکوردستاندا بناسێنرێت، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا خەڵکانێکی سەرمایەداری دیکەیش چاو لەو بەرێزە بکەن، بەتایبەت ئەو کەس و خەڵکانەی توانای ئەنجامدانی کاری خێرخوازی و چاکەکاریان هەیە.

من پێمایە ئەمڕۆ لەکوردستاندا خەڵکانێکی زۆری وەکو کاکە (دڵزار) هەن، کە لەڕووی داراییەوە دەست رۆیشتوون و سەرمایەی باشیان لەبەر دەست دایەو، توانای ئەنجامدانی کاری خزمەتگوزارانەی زۆریشیان هەیە، هیواخوازیشم وێنەیان لەزێدەبووندا بێت، لەهەمانکاتیشدا دەڵێم خۆزگە هەریەکەو لەئاستی خۆیدا بەپێی توانا بەشداری لەئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا دەکردو، سەرۆکایەتیی حکومەتیش وەکو پێویست کارو دڵسۆزیی ئەو جۆرە کەسانەی بەهەند وەردەگرت و، بەرەو کاری خزمەتگوزارانەی باشترو زێتر هانی دەدان.

aziz.hareri@yahoo.com

أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٦٢ / ١٧/١١/٠٨ / 11:52 PM